گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper1
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/٠٩/١٤
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/١٤
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بابەتی پرۆژەی دەرچون لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر

**دارا ئەورەحمان ئەحمەد[١] - جەواد نعمت حسین[٢]**
daraart64@gmail.com - jawad.hussein@univsul.edu.iq
[٢+١]بەشی پەروەردەی هونەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی پرۆژەی دەرچون لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بواری وێنەکێشاندا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، بەهۆی گونجاندنی لەگەڵ جۆر و سروشتی بابەت و ئامانجەکانی. لەبەرئەوەی هیچ پێوەرێکی ستاندار لە کاتی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکاندا بۆ ئەم بابەتە نییە، بۆیە توێژەر پەنای بۆ ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی وانەی پرۆژەی دەرچون بردوە، لەم سۆنگەیەوە پێوانەیەکی لێهاتویەکانی داهێنەرانە و بنەما گشتییەکانی دارشتنی هونەری و ڕەخنەو چێژەوە هەڵهێنجاوە.

هەروەها دیاریکردنی لێهاتووییەکانی داهێنەرانە لە توێژینەوەکانی پێشو و سەرچاوەکانی بواری پەروەردەی هونەری و سایکۆلۆژیای داهێنان و هونەر ئامادەکردوە، کە بریتیبوە لە (٣٠) بڕگەی پەروەردەی بەشێوەیەکی سەرەتایی لە ڕێگەی ڕاپرسەوە دابەشیکردون بەسەر پسپۆڕانی بواری پەروەردە، هونەر، پێوانە، هەڵسەنگاندن، دوای وەرگرتنی ڕاو پێشنیارەکان کە لەلایەن پسپۆڕانەوە (٢٠) پێوەریان دیاریکرد بۆ برگەکان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی جێگیری پێوەرەکە ڕێگەی بەکارهێنانی دو نمرە

لە دو کاتی جیاواز بەســـەر نمونەیەکی ســـەرەتاییدا ئەنجامداوە، کە بریتیبوە لە بەرهەمی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی لەبابەتی پرۆژەی دەرچوندا، هەروەها بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستبون کە بەهاکەی لە نێوان (٠.٠٠٢-٠.٥٠)دا بو دۆزرایەوە. لە کۆتایدا پێوەرەکە بەشێوەیەکی کۆتای ئامادەکرا.

**کلیلی وشەکان:** پێوەر، هەڵسەنگاندن، لێهاتوییەکان، بیرکردنەوە، داهێنەرانە، پرۆژە.

## پێشەکی:

گەشـــەکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ئامانجێکی ســـەرەکی پەروەردە هاوچەرخەکانە لە زۆربەی وڵاتاندا، کە بەمەبەستی هەوڵدان بۆ باشترکردنی پرۆسەی فێربون و فێرکردن سودی لێوەردەگیرێت.

پرۆسـی داهێنان لە ئێستادا زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ئەمەش وایکردوە وڵاتانی پێشکەوتو هـانی بەهرەداران بدەن بەمەبەســـتی بەرهەمهێنـانی ئەفرانـدنی زیـاتر، بەبڕوای (کیم) داهێنـان (الابـداع) (Creativity) ڕۆڵی ســـەرەکی بینیوە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا، ئەم چەمکە لەزۆربەی پســـۆڕییە جیاوازەکان ئەفراندنکراوە. یەکێک لەو بوارانەش هونەرە وەک بەشەکانی (وێنەکێشان، پەیکەر، موزیک، شانۆ،...)

گرنگیدان بە گەشـــەکردنی لێهاتوییەکانی خوێندکاران لەلایەن مامۆســـتاوە پێویســـتی بە بەرنامە و ســـتراتیجی پێشـــکەوتو هەیە، تا ئاســـتی ئەو گەشـــەکردنە بەڕونی دیاریبکرێت، هەروەها پێویســـتی بە ئامادەکردنی پێوەرێکی پێوانە و هەڵسەنگاندنی پێشکەوتو هەیە.

بۆ هەڵسـەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی خوێندکاران وەک (ڕەسـەنایەتی، نەرمی نواندن، ڕەوانی،...) پێویســـتی بە پێوەرێکی تۆکمە هەیە تا ڕۆڵی ســـەرەکی ببینێت لە پێوانەکردنی ئەو گەشـــەکردنە لە بابەتی پرۆژەدا، تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێت کەموکوڕی خاڵە لاوازەکانی پرۆژەکان دیاریبکات، فیدباکێکی باشـبێت بۆ مامۆستایان و خوێندکاران.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### ١. ١ کێشەی توێژینەوەکە:

کارنامەی پرۆژەی دەرچون یەکێکە لە وانە ســـەرەکییەکان کە پێداویســـتییەکانی خوێندکارانی بەشـــی پەروەردەی لە ســـەرجەم کۆلێژەکان کە لە دوا قۆناغی خوێندنی زانکۆیدا جێبەجێدەکرێت، تا لە ڕێگەیەوە ئاستی زانیاری و ئەزمونی کارکردنی لە ڕوی تیۆری و پراکتیکیەوە دیاریبکرێت.

بۆ زانینی ئاســـتی ئەو گەشـــەکردنەی خوێندکاران پێویســـتە هەڵســـەنگاندن (التقیم) (Assesment) لە پرۆژەی دەرچوندا بکرێت، پاشان پلەبەندی و ئاستی لێهاتوییەکانی سەرجەم خوێندکاران دیاریبکرێت. بۆیە

پێویستە پێوەرەکان لە سەر بنەمای ئامانجە فێرکارییەکانی ئەو بابەت و تیۆرەکانی فێربون ئامادەکرابێت، تا بتوانێت ئاستەکانی خوێندکاران بەڕونی دیارییبکات.

هەڵسەنگاندنی فێرکاری شێواز و جۆری زۆری هەیە، کە لە ڕێگەیەوە مامۆستایان ئاستی زانیارییەکانی خوێندکارانەکانی پێ دیاردەکات، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە هەندێک جار ئەو پێوەرە لەگەڵ جۆری بابەتەکەدا ناگونجێت کە هەڵسەنگاندنی بابەتەکەی پێدەکرێت ئەمەش دەبێتە ڕێگر لە دیاریکردنی ئاستەکانی خوێندکاران لە بابەتەکانی خوێندن بە تایبەتیش لە بابەتە پڕاکتیکیەکانی وەک وێنەکێشان، هەروەها چارەسەر پێشنیاری گۆڕانکاری و فیدباکی فێرخوازان بەوردی ناکات.

چەمکەکانی (پێوانە) (القیاس) (Scale) و هەڵسەنگاندن (التقیم) (Assesment) دو ڕەگەزی سەرەکی و گرنگن لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کە بۆ پێوانەکردنی لێهاتوییە جیاوازەکانی وەک مەعریفی، دەرونی... بەکاردەهێنرێت، ئاست و توانای فێرخواز دیاریدەکات، کەم کوڕی لەم پڕۆسەیەدا لەلایەن سەرپەرشتیار و مامۆستایانەوە تەواوی هەنگاوەکانی فێربون دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئامادەکردنی پێوانەکردنی داهێنان کاریکی ئاسایی نییە چونکە گەشەکردنی لێهاتوییەکانی داهێنان پشت بەبنەمای بیرکردنەوەی لۆژیکی نابەستێت، بەڵکو پێویستی بە بیرکردنەوەی فرەیی (التباعدي، المخالف) دەبەستێت، بۆ ئەو مەبەستە زانایانی بواری پێوەر چەندین ڕوانگە و تێڕوانینیان هەبوە، ئەمەش وایکردوە چەندین پێوەری هەبێت وەک (پێوەری گیڵفۆرد)، (پێوەری تۆرانس)، (پێوەری پراید) هەروەها زۆربەی زانایانی بواری پەروەردەی و دەرونی هاوڕان کە پێوانەکردنی لێهاتوییەکانی داهێنان ئاستی توانای خوێندکاران دیارینا‌کات. ئەگەر پێوەرەکە لایەنەکانی (بەردەوامی، ڕەسەنایەتی، لۆژیک، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەری کێشەکان) دیارینەکات

نەبونی پێوەرێکی دیاریکراو لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە بەشی پەروەردەی هونەر و کۆلێژی هونەر لە پرۆژەی دەرچون لەبواری پراکتیکی بەتایبەتی لە وێنەکێشاندا، یەکێکە لە گرفتە بەردەوامەکانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان، کە ساڵانە لە دوای تەواوبونی کارەکان پەیڕەودەکرێت گرفتی بەخشینی نمرە دیاریکردنی ئاستیان لەڕوانگەی تایبەتی مامۆستاکانەوە، هەندێکجار جۆرێک لە ناهاوسەنگی ئاست بەها بەخشینی بەکارەکان دروستدەکات، هەروەها هەندێک جار مامۆستای سەرپەرشتیار ناچار ڕونکردنەوەی زیاتر بۆ پرۆژەکان بکات، تا زیاتر لیژنەکە بەرچاویان ڕون بکرێتەوە.

هەروەها نەبونی پێوەرێک لە ڕێکخراوەکانی هونەرمەندان کاریگەری لە سەر ئاستی پەسەندکردن و بەهێزی کارە هونەرییەکان دروستکردوە، بۆتە هۆی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتی لیژنەکانی ڤیستیڤاڵی و

پێشــەنگەکان هونەرمەندانی بەشـێوەیەکی گشـتی توشــی ســاردبونەوە لە بەشـداربوانی پێشــەنگەکان دروستبکات، بەتایبەتی ئەگەر ڤیستیڤاڵەکان دیاریکردنی ئاستی بەرهەمی هونەری لەخۆبگرێت.

بۆ ئەو مەبەســتە توێژەر هەســتی بە کەموکوڕی ئەم لایەنە گرنگانەی بواری هونەرو خوێندکردوە، بەو پێەی توێژەر چەند ســاڵە ئەزمونی وانەوتنەوە هەڵســەنگاندنی پڕۆژەکان لە بواری وێنەکێشــانەدا ئەنجام دەدات، هەروەها ئەزمونی کارکردن و بەشـداریکردنی لە پێشــەنگە و ڤیســتڤاڵیەکاندا هەیە، لە ســەر ئەو بنەمایانە توێژەر بریاریدا بە ئامادەکردنی پێوانەیەک بۆ هەڵســـەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لەبابەتی پرۆژەی دەرچوندا.

### ١. ٢ گرنگی توێژینەوەکە:

بەبڕوای بەشـــێکی زۆر لە توێژەران پێوانەکردنی بیرکردنەوەی داهێنان ســـودی دەبێت بۆ دیاریکردنی گەشـەکردنی ئاستی داهێنان بۆ نمونە تۆرانس (Torrance) بڕوای وایە دەبێتە هۆی دیاریکردنی کێشـە و کەموکورییەکــانی بەرهەمی داهێنــان، بەڵام (گێڵفۆرد) (Guillford) بڕوای وایە ســـودی دەبێـت بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی نوێی داهێنراو، هەروەها (ڕۆجەرس) (Rogers) دەڵێت توانای دیاریکردنی پرۆسەی عەقڵی دەبێت. (السليتي، ٢٠٠٦، ٨٥– ٨٨)

ئەم توێژینەوەیە پاش ئامادەکردنی پێوەرەکە بەشێوەیەکی تەواو لە ڕوی زمانەوانی و زانستیەوە سودی دەبێت بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١. بۆنمرەدانانی خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە بەشـی پەروەردەی هونەر و کۆلێجی هونەر کە وەک پێوەرێک لە وانەی پرۆژەدا دەرچوندا بەکاربهێنرێت تا هەڵســـەنگاندنی کارەکان بەدوردەبێت لە هەر بەها بەخشینێکی تاکڕەوانە.

٢. بۆ ئەندامانی لیژنەکانی هەڵسـەنگاندنی بابەتی پرۆژەی دەرچون لە بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی، تا لە ڕێگەی بەکارهێنانییەوە ئاستی لاوازی و بەهێزی پرۆژەکان لە سەر بنەمایەکی زانستی دیاریبکات.

٣. بۆ دەستنیشانکردنی کیشە و کەم و کوڕیەکانی بیرۆکەی هونەری لە بابەتی پرۆژەی دەرچوندا.

٤. بۆ زانینی ئاستی داهێنانی هونەری خوێندکاران لە پرۆژەکانی دەرچوندا.

### ١. ٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسـەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی پرۆژەی دەرچون لای خوێندکارانی بەشــی پەروەردەی هونەر لە بواری وێنەکێشــاندا لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی.

**١. ٤ سنوری توێژینەوەکە:**

١. ٤. ١سنوری بابەتی: ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لەبابەتی پرۆژەی دەرچوندا.

١. ٤. ٢سنوری کات: ٢٠٢١- ٢٠٢٢

١. ٤. ٣سنوری مرۆیی: خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی.

**١. ٥ دیاریکردنی زاراوەکان:**

١.٥. ١ پێوەر (المقیاس) (Scale):

ا- پێناسەی زاراوەیی:

(بدوي، ١٩٧٥) ئاماژەی پێکردوە کە بریتیە لە: "یەکەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی شتەکان وەک درێژی، زیرەکی". (بدوي، ١٩٧٥، ٨٦). بەڵام (عبدالجبار، الاخرون، ١٩٧٧) بڕوای وایە کە بریتییە لە "یاسایەکی پلەبەندکراوە ژمارەی تایبەت دەبەخشێت بە شتەکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی زانیارییەکان و تێبینەکان تۆماربکەیت، تا چارەسەرێکی ئاماری بۆ بکرێت". (عبدالجبار، الاخرون، ١٩٧٧، ٢٠)

ب - پێناسەی تیۆری:

توێژەر چەمکی پێوەر بەم شێوەیە دەیناسێنێت"یەکەیەکی ئامادەکراوە بەمەستی پێوانەکردنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە".

پ- پێناسەی ڕێکاری:

ئەم چەمکە بەپێی توێژینەوەکە توێژەر بەم شێوەیە ناساندویەتی"ئامادەکردنی پێوەرێکە بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەپێی چەند پێوەرێک پاشان وەرگرتنی بۆچونەکانی پسپۆڕان بە مەبەستی بەکارهێنانی بەسەر پڕۆژەکانی وێنەکێشانی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر".

١.٥. ٢ هەڵسەنگاندن (التقیم) (Assesment):

ا- پێناسەی زاراوەیی:

(جەیمس ئێم برادفیلد، ١٩٥٧) بڕوای وایە: "بریتییە لە تەرخانکردنی هێماکان بۆ دیاردە بە مەبەستی تایبەتمەندکردنی بەها یان بەهای دیاردەکە بەزۆری بە ئاماژەدان بە هەندێک ستانداردی کۆمەڵایەتی و کولتوری و زانستی" (James M. Bradefield, 1957, p 418)

ب- پێناسەی ڕێکاری:

" هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکارانە بەپێی پێوەرێکی ئامادەکراو"

٣ .١.٥ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە (مهارات التفکیر الابداعي):

ا- پێناسەی زاراوەیی:

زانایان بەمەستی ناساندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆکردوە بۆ نمونە:

بەبڕوای (تۆرانس) بریتییە لە: "کۆمەڵێک چالاکی مەعریفی کە تاک بەکاریاندەهێنێت بەپێی جۆری کێشەیەک یان ڕوداوێک یان ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی کێشەیەک بەپێی توانای کەسەکان بەرهەم دەهێنرێت". (راجح، ١٩٦٣، ٣٥)

هەروەها (گێلفۆرد) دەڵێت: "پێویستە پێوانەی ڕەوانی و خەیاڵکردن بۆبکرێت پاشان تێستی تایبەت بە ناونیشان بۆ کورتەی چیرۆک و پێشبینی دەرئەنجام و گۆڕانگاری دەکرێت" (بدوی، ١٩٨٠ ١٤٥)

٤ .١.٥ بابەتی پڕۆژەی دەرچون:

(توێژ) بۆ بابەتی پڕۆژەی دەرچون پێناسەیەکی ڕێکاری بۆ دەکات:

" ئەو بابەتەیە کە بەشێوەیەکی پراکتیکی و تیۆری لە قۆناغی چوارەم خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت لە زانکۆی سلێمانی جێبەجێدەکرێت".

**بەشی دوەم:**

## ١ .٢ چوارچێوەی تیۆری:

### ١ .١ .٢ پوختەیەکی مێژوی لەسەر پێوانە و هەڵسەنگاندن:

پێوانە و هەڵسەنگاندن لە کۆندا لە سەر بنەمای ئەزمونکردن ئەنجامدراوە، کاتێک وەستا کارێک پیشەیەک فێری شاگردەکانی کردوە، ئاستی گەشەکردن و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان بەشێوەی زارەکی بۆ ئەنجامداوە. (بدوی، ١٩٨٠، ١٧١)

لە کۆمەڵگە چینیە کۆنەکاندا بۆ یەکەمین جار هەڵسەنگادنی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامدراوە، هەروەها لە کاتی تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەکاندا هەڵسەنگاندنی بەکۆمەڵ ئەنجامدراوە. بەڵام لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەمەبەستی فێربون لە حوجرەکاندا بەشێوەی زارەکی هەڵسەنگاندن ئەنجامدراوە. (السلیتي،٢٠٠٦، ٨٧)

لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەساڵی ١٩٠٥ بۆ یەکەمین جار لەلایەن دەرونناسانی فەڕەنسی (ئەلفرێد بینێت و سیمۆن) (Alfred Binet, Simon) پێوانە و هەڵسەنگاندن زیرەکی بنیاتنرا، ئەوەش گەورەترین

گۆڕانکاریبو ڕویدا. ئامانجی ســـەرەکی ئەو پێوەرە بریتیبو لە دەســـتنیشـــانکردنی ئەو خوێندکارانەی کە گرفتیان لە پڕۆگرامی خوێندن هەبو. (Enid Zimmerman 2009 ,384)

لەساڵی(١٩١٢) دەرونناسی ئەڵمانی ولیَم ستیم (William Stem) تاقیکردنەوەی (Intelliqenz–Quotient) کە کورتکراوەی (I.Q) بەواتای ڕێژەی زیرەکی داهێنا، کە گرنگی بە دیاریکردنی ئاســـتی زیرەکی داوە. (عدس،١٩٨٩، ٢٣١)

لەدوای جەنگی جیهانی دوەم و بەهۆی دەرکەوتنی زانســـتی ئاماری وەســـفی کاریگەری زۆری لەســـەر پێشکەوتنی پێوانە و هەڵسەنگاندن دروستی کردوە بەتایبەتی دوای بۆ چونەکانی سۆرندایک لەو بوارەدا.

**٢. ١. ٢ پەیوەندی لە نێوان پێوانە و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندا:**

ئاشکرایە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان ئەو چەمکانەدا هەیە، بۆنمونە (پێوانە) (Scale) بریتییە لە: پێوانەکردنی شتێک یان بابەتێک یان ڕوداوێک لە وەسفکردنەوە دەگۆڕێت بۆ داتاو ژمارە. بەڵام تاقیکردنەوە (الاختیبار) (Test) ئامرازێکە بۆ پێوانەکردن کە ڕەنگە کۆمەڵە پرســـیارێک ســـەبارەت بەبابەتێک بێت کە فێرخواز وەڵامیان دەداتەوە، چەندین جۆری تاقیکردنەوە هەیە وەک زارەکی، دەرونی، جوڵەی. (جروان، ١٩٩٩، ٤١)

بەڵام چەمکی هەڵســـەنگاندن (التقیم) (Assesment): بریتییە لە پرۆســـەی پێدانی زانیاری بابەتیی و ڕاستگۆ و جێگیر بە مەبەستی دەرکردنی بڕیار. یان پرۆسەی دیاریکردنی گرنگیی ڕێژەیی ڕواڵەتی شتێکە لە گرنگترین ناساندنی هەڵسەنگاندن پێناسەی سۆرندایک دەڵێت: دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیارە لەسەر ڕادەی سەرکەوتن و پێشکەوتنی خوێندکار لەسەر بابەتێک. (زهران، ١٩٨٥، ٦٧)

**٢. ١. ٣ تیۆرەکانی پێوانەکردنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:**

ئاشـــکرایە داهێنان بەرهەمێکی نوێیە لە چوارچێوەی پەروەردەییدا، گرنگیدان بە بەکارهێنانی پراکتیکی پرۆســـەی داهێنەر داوە، بوەتە هۆی پەرەپێدانی ئامرازەکانی پێوانەکردنی داهێنان، بەڵام هەر پرۆســـەیەک وێنەیەکی ناتەواو یان هەمەچەشنی پرۆسەی داهێنەر دەخاتەڕو. (Coleman & Cross, 2001)

تاقیکردنەوە ســـتانداردەکان، پێوەرەکانی هەڵســـەنگاندن، لیســـتی پشـــکنین و نمونەی کار بۆ لێکۆڵینەوە لە داهێنەری خوێندکاران و پرۆســـەی داهێنەرانە بەکارهێنراون (بەزۆری بەبێ ڕەچاوکردنی پاشـــخانی پەروەردەیی یان کولتورییان). بەڵام پێشـنیار دەکرێت کە چەندین ڕێوشـوێن بەکاربهێنرێت بۆ بڕیاردان بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی داهێنەر. (Clark & Zimmerman, 2001a, 2004)

لە ماوەی ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، تۆرانس (١٩٦٣، ١٩٧٢)، گیلفۆرد (١٩٧٥)، والاچ–کۆگان (١٩٦٥)، ریم و دەیڤس (١٩٧٦) و کەســانی دیکە پەرەیان بەو شــتە دا، کە بە تاقیکردنەوەی داهێنان ناســـرا. کاتێک لە ســـەرەتادا داڕێژرابو، تاقیکردنەوەکانی داهێنان بەکارهێنران بۆ پێوانەکردنی توانا

گشتییەکانی چارەسەرکردنی کێشە و تواناکانی بیرکردنەوەی جیاواز کە بۆ بارودۆخ و بابەتی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن. دەرکەوت کە دەتوانرێت هەندێک نمرەی بیرکردنەوەی جیاواز لە تاقیکردنەوەکان و ڕەفتارە داهێنەرەکان لەگەڵ پەروەردەدا زیادبکرێت. جێی مشــــتومڕە کە ئایا ئەم تاقیکردنەوانە دەتوانن پێشـــــبینی ڕەفتارە داهێنەرەکان بکەن و ئەگەر ڕەفتارەکان لەســـــەر تاقیکردنەوەکانی داهێنان دەتوانرێت ڕاســـــتەوخۆ پەیوەســـــت بن بە چۆنیەتی دەرکەوتنی داهێنان لە جیهانی ڕاســـــتەقینەی گەورەکاندا لە چەندین شـــــوێنی کۆمەڵایەتیدا. (Coleman & Cross, 2001; Runco, 1993a, 1993b)

تۆرانس (١٩٦٣) بۆی دەرکەوت کە دەستکەوتە داهێنەرەکان لە نوسین، زانست، پزیشکی و سەرکردایەتیدا بە ئاسانی پێشبینی دەکرێن لە چاو دەستکەوتە داهێنەرەکان لە مۆسیقا، هونەرە بینراوەکان، بازرگانی، یان پیشـــەســـازیدا. لە ماوەی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابردودا چەندین توێژەر ئامێری پێوانەکردنی داهێنانیان لە بواری هونەردا پەرەپێدا. (Khatena, 1982, 1989; Greenlaw & Macintosh, 1988)

کولپ و تارتار (١٩٨٦) ئامێرەکانیان پەرەپێدا بۆ ناســینەوەی خوێندکارانی هونەر توانای بەرز و داهێنەر و ژمارەیەک لە توێژەرانی پەروەردەیی کە پشـــــتگیریان لە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکانی داهێنان کرد بۆ دیاریکردنی خوێندکارانی بەتوانا بۆ بەرنامەکانی هونەر. (راجح، ١٩٦٣، ١٤٥)

### ٢. ١. ٤ جۆرەکانی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

- لە ســەر بنەمای کەســێتی (**على المستوى الشخصية**): بەپێی جۆری کەســێتی و هەڵســوکەوتی تاکە. وەک پێوانەکاری (هیرمان)(Hermann Brain Dominace Instrument) کە بە (HBDI) ناسراوە.
- لە سەر بنەمای پڕاکتیککردن (**على المستوى العمل**یە): فێربون و بیرکردنەوە لە کارێکی داهێنەرانەدا.
- لە سەر بنەمای بەرهەمهێنان (**على المستوى الانتاج**): بەبێ جۆری ئەنجامی کۆتایی کارەکە.
- لە سەر بنەمای ژینگە (**على المستوى البئة**): ژینگەی دەوروبەرو ئەو کاریگەریە کۆمەڵایەتیانەی هۆکارن لە دروستبونیدا. (ابراهیم،٢٠٠٥، ٤٥)

پێوانەی گێڵفۆرد (Guilford): پێوانەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەســتە بە هونەرەوە ئەم شێوازانەی خوارەوەیە:

١- پێوانەکردنی ڕەوانی زمانی ئەندێشەکردن (التخيل).

٢- تێستی تایبەت بەدروستکردنی شێوەکان.

٣- تێستی تایبەت بە تەواوکردنی هێماکان. (شەریف قەرەچەتانی، ٢٠١٨، ١٦٨-١٦٩)

هەروەها پێوانەی تۆرانس (Torrance) بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە چەند جۆرێکە ئەم لایەنانەی خوارەوە:

ا- بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە وێنەکان.

٢- بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە دەنگ و شێوە. (الزويني، ٢٠١٤K ٨٨)

**٢. ١. ٥ پەرەپێدانی هونەر لەبیرکردنەوەی داهێنەراندا:**

ئاماژە بەوە کراوە کە هونەر ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. کاتێک مرۆڤەکان داهێنەر دەبن بە هەردو شیکردنەوە و دروستکردنی بەرهەمی هونەری، جاچ نیگارکێشان بێت، پەیکەرسازی بێت.

ئەمە لەلایەن پرۆفیسۆری هارڤارد، (دەیڤید پێرکینزۆن David perkinson) بەشێوەیەکی بەرفراوان قسەی لەسەر کراوە. ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە سەیرکردن و دروستکردنی هونەر دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شتانە بەرزبکەینەوە کە ناوی دەنێت 'مەیلی بیرکردنەوە' و بیرکردنەوەی داهێنەرانە باشتر بکەین. هۆکاری ئەوەی هونەر لەم کارەدا زۆر باش بێت، لەبەرئەوەیە کە تاکەکان دەتوانن لە هەمان کاتدا سەیری هونەرەکە بکەنەوە کە بیری لێدەکەنەوە یان پرسیاری لێدەکەن. جگە لەوەش هونەر سەرنجڕاکێشە بۆ زۆربەی خەڵک و هانمان دەدات پەیوەندی لە نێوان شتەکانی هونەر و جیهانی ڕاستەقینەدا دروست بکەین، واتە بیرکردنەوە لە دەرەوەی تابلۆکە. (G Clark, E Zimmerman 2004, 45)

**٢. ٢ توێژینەوەکانی پێشو:**

توێژەر بەمەبەستی زانین و چۆنێتی پێوانەکردن و دیاریکردنی هەنگاوەکانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەوێنەکێشاندا، هەروەها بۆ زیاتر دۆزینەوەی پەیوەندی و جیاوازی ئەم توێژینەوەیە، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشودا، کە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نوسراون، دوای گەڕان گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئەم توێژینەوانە گرینگیان بە ئامادەکردنی پێوەر داوە بەپێی ئەم پلەبەندەیانەی خوارەوە:

**٢. ٢. ١ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی عەرەبی نوسراون:**

١- توێژینەوەی حسین لە ساڵی (٢٠٠٥) (لا ١٩-٤٢) بەناونیشانی:

اعداد أداة القياس لمفردات مادة المشروع المقررة على طلبة الصف الرابع في كلية الفنون بجامعة السليمانية

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوە لە ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ یەکەکانی بابەتی پرۆژە لەلای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوە خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە کۆلێجی هونەر. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی پەیڕەوکردوە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوە لە ڕاپرسی پێوەرێک کە بۆ بەشە جیاوازەکانی کۆلێژی هونەر لە بەشی شێوەکاری لە زانکۆی سلێمانی ئامادەیکردوە پاشان بەسەر کۆمەڵێک پسۆر دابەشیکردوە، دوای وەرگرتنی بۆچونیان ڕاستکردنەوەی بڕگەکان، لە ڕێگەی ئامارەوە ئەنجامەکەوە دۆزراوەتەوە.

**٢. ٢. ٢ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراون:**

1- MEASURING ARTISTIC CREATIVITY AND FLEXIBILITY

Stephen IQ.ein (Educational Testing Service (Rodney Skager( American College Testing Program (And Walter Erlebacher

توێژینەوەی توێژەران (ستیڤن، سکاگەر، ئێرلیباخێر) لە ساڵی (١٩٦٦) بەناونیشانی: پێوانەکردنی داهێنەری هونەری و نەرمی نواندن، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوە پێوانەکردنی داهێنەری هونەری و نەرمی نواندن بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ژمارەیەک خوێندکار لە قوتابخانەیەکی دیزاین داوایان لێکراوە دو جار هەمان شت بکێشن، کراون بە سێ گروپەوە تا ئاستی بەرزترین نمرە دیاری بکەن.

2-Measuring Creativity in Visual Arts Teaching Methodology in Elementary School

Miroslav Huzjak and Marijana Župančić Benić. Faculty of Teacher Education, University of Zagreb

توێژینەوەی توێژەران (هوزجاک و سوپانیچ) لە ساڵی (١٩٨١) بەناونیشانی: پێوانەکردنی داهێنان هونەرە بینراوەکان و شێوازی فێرکردنی لە قوتابخانەی سەرەتایدا نوسیراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوە لە ئامادەکردنی پێوانەکردنی کاری خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایدا بەپێی پێوانەکاریەکانی تۆرانس و گیلفۆردبوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوە لە خوێندکارانی قۆناغی سەرەتای لە شاری (زەگرب) لە سربیا، توێژینەوەکە میتۆدی ئەزمونی پەیڕەوکردوە، وێنەی چەند خوێندکارێکەوە بەپێی پێوەرەکە شیکردۆتەوە.

**٢. ٢. ٣ بەدواداچون بۆ توێژینەوەکانی پێشو:**

توێژینەوەکانی ئێستا گرنگی بە ئامادەکردنی پێوەرێک داوە وەک توێژینەوەی (حسین) بوە. بەڵام توێژەران (هوزجاک و سوپانیچ) بەپیی پێوەرەکانی تۆرانس و گیلفۆرد بوە. هەروەها توێژینەوەی توێژەران (ستیڤن، سکاگەر، ئێرلیباخێر) گرنگی بەنەرمی نواندن داوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستا و (حسین) خوێندکارانی زانکۆن بەڵام توێژەران (هوزجاک و سوپانیچ) خوێندکارانی قۆناغی سەرەتای لە شاری زەگرب بوە. بەڵام توێژەران (ستیڤن. ڕۆدنی سکاگەر، واڵتەر ئێرلیباخێر) قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنە. توێژینەوەکانی ئێستا و (حسین) میتۆدی وەسفیان پەیڕەوکردوە، بەڵام توێژینەوەی توێژەران (هوزجاک و سوپانیچ) و (ستیڤن. سکاگەر، ئێرلیباخێر) میتۆدی ئەزمونیان پەیڕەوکردوە. لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا توێژینەوەی ئێستا وەک توێژەران (هوزجاک، سوپانیچ) سودیان لە پێوەرەکانی تۆرانس و گیلفۆرد وەرگرتوە، بەڵام توێژینەوەی (حسین) بەپێی یەکەکانی وانەکە بوە.

## بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی تۆێژینەوەکە

### ٣. ١ میتۆدی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی ئەنجامدانی تۆێژینەوەکە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە.

### ٣. ٢ سامپڵی توێژینەوەکە:

بەرهەمی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لەبابەتی پڕۆژەی دەرچوندا.

### ٣. ٣ ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە سەر بنەمای ناونیشانی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی هەروەها بەپێی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە دروستکردنی پێوەرەکە، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

#### ٣. ٣. ١ قۆناغەکانی ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکاران:

بەهۆی نەبونی پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکاران بۆ بابەتی پڕۆژەی دەرچون، توێژەر پێوەرێکی تایبەتی ئامادەکردوە، بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١- خوێندنەوە و بەدواداچون بۆ ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کە پەیوەندییان بە چۆنێتی ئامادەکردنی پێوانەی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە هەیە.

٢- ئامادەکردنی ئامانجەکانی پێوەرەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی بەمەبەستی دیاریکردنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە بواری وێنەکێشاندا، ئەم پێوانەیە سودی لە پێوەرەکانی (تۆرانس) وەرگرتوە لە داڕشتنی برگەکانی (ڕەوانی، نەرمی نواندن، ڕەسەنایەتی)دا. هەروەها بنەما ڕەخنەییەکانی (هەوەرد ڕۆدستی) بۆ هەڵسەنگاندنی برگەکانی (پێکهاتەی داڕشتنی پڕۆژەکە، ناوەڕۆک، هێمایی) بەکارهێناوە، بۆ برگەی (هەستیاری بۆ کێشەکان) سودی لە پێوەری (گێڵفۆرد) وەرگرتوە. پاشان گونجاندنی لەگەڵ بابەتی پڕۆژەی دەرچوندا.

٣- بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە، ڕاوبۆچونی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری هونەر و پێوانەو هەڵسەنگاندن و دەرونزانی لە شێوەی ڕاپرسەوە وەک لە پاشکۆی ژمارە (١) دەردەکەوێت بەشێوەیەکی سەرەتایی دابەشکرد، تاوەکو لەسەر چۆنێتی دارشتنی ئامانجەکانی برگەکانی پێوەرەکە لەڕوی زمانەوانی زانستییەوە هەڵیبسەنگێنن.

٤- دوای گەڕانەوەی ڕاپرسییەکانی  پێوەرەکەی لە کۆی ئامانجەکان کە ژمارەیان (٣٠) بو وەک لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت. لە دوایدا (٢٠) ئامانجیان دەستنیشان کردبو، پاشان پێوەرەکەی ئامادەکرد بۆ دیاریکردنی ئاستی پێوەرکە شێوازی پێنج خانەی داڕێژرابون، کە بریتیبون لە (باڵایە، زۆرباشە، باشە، مامناوەند، خراپە)، بۆ شیکردنەوەی ئاستی لێهاتوییەکان دیاریکرا.

٥-جارێکی تر لە ڕێگەی ڕاپرسەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو بۆچونی پسپۆڕانەوە پێوەرەکەی دابەشکرد، دوای گەڕانەوەی گۆڕانکاری لە بڕگەکانی لە بڕگەکانی (١، ٤، ٧، ١٤) ڕاستکردنەوە لە شێوازی داڕشتن و زمانەوانی دروستبو، دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بەسەر سامپڵە سەرەتایەکە کە بریتیبون لە بەرهەمی خوێندکارانی پەیکەر کە ژمارەیان (٥) بەرهەمی هونەری بون.

٦-  بۆ جێگری پێوەرەکە، لە ڕێگەی لیژنەیەکی مامۆستایانی پسپۆڕەوە کە ژمارەیان (٣) هەڵسەنگێنەر بو ڕێگەی دوجار نمرە دانانەوە لە دو کاتی جیاواز کە ماوەی هەر نمرەیەک هەفتەیەک بوە بەکارهاتوە. نمرەیان بەپێی بڕگەکانی پێوەرەکە کە ژمارەیان (٢٠) بڕگە بو.

خشتەی ژمارە (٤-١)

بەهای بڕگەکانی پێوانە و  نمرەی خوێدکارانی نموونە سەرەتایەکە کە لەلایەک پسپۆڕانەوە دیاریکراوە لە بابەتی پڕۆژەدا

| | بڕگەکان | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ. نمرەکان | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ١٨ | ١٩ | ٢٠ | کۆ |
| ١ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٩١ |
| ٢ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٨٣ |
| ٣ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٩٠ |
| ٤ | ٤ | ٣ | ٤ | ٢ | ٤ | ٢ | ٣ | ٢ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٤ | ٦٤ |
| ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٥ | ٦٥ |
| ٦ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٨٣ |
| ٧ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٩٢ |
| ٨ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨٨ |
| ٩ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٩٠ |
| ١٠ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٨٤ |
| ١١ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٩١ |
| ١٢ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨٦ |
| ١٣ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٩٠ |

| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨٨ |
| ١٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٩٢ |
| ١٦ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٩٠ |
| ١٧ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨٦ |
| ١٨ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٩١ |
| ١٩ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٨٢ |
| ٢٠ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٨٣ |
| ٢١ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٣ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٨٨ |
| ٢٢ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٥ | ٩٠ |
| ٢٣ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٨٤ |
| ٢٤ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٣ | ٢ | ٤ | ٣ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ٢ | ٣ | ٥ | ٦٥ |
| ٢٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٥ | ٤ | ٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٩١ |

هەروەها بۆ دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری لە ڕێگەی هاوکێشەی پەیوەستبونی پێرسۆنەوە دۆزرایەوە کە بەهاکەی لە نێوان (٢٠.٠-٥٠.٠) وەک لە خشتەی ژمارە (٣-٢)دا دەردەکەوێت. پاشان توێژەر هەستا بەدانانی پێوەرەکە بەشێوەی کۆتایی وا کە لە فۆرمی ژمارەی (١)دا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٤-٢)

دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوانەکە

| ژ.برگە | پەیوەندی هەربڕگەیەك بەكۆی گشتی پێوانەكە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.برگە | پەیوەندی هەربڕگەیەك بەكۆی گشتی پێوانەكە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | 0.000 | 0.5 | ١١ | 1.0665 | 1.0 |
| ٢ | 0.000 | 1.0 | ١٢ | 3.2558 | 1.0 |
| ٣ | 2.9130 | 0.5 | ١٣ | 2.8005 | 1.0 |
| ٤ | 2.4630 | 0.5 | ١٤ | 1.5343 | 0.5 |
| ٥ | 4.2479 | 1.0 | ١٥ | 2.3209 | 1.0 |
| ٦ | 3.6396 | 1.0 | ١٦ | 3.0941 | 1.0 |
| ٧ | 2.6629 | 1.0 | ١٧ | 2.4630 | 0.5 |
| ٨ | 2.9013 | 0.5 | ١٨ | 2.0108 | 0.5 |
| ٩ | 2.4943 | 0.5 | ١٩ | 4.9669 | 0.5 |
| ١٠ | 1.5343 | 0.5 | ٢٠ | 2.4073 | 1.0 |

**٣. ٤ ئامڕازە ئامارییە بەکارهاتوەکان:**

٣. ٤ . ١ هاوکۆلکەی ئاماری کوپەر (Cooper):

بەمەبەستی دۆزینەوە و دیاریکردنی ئاستی ڕەزامەندی پسپۆڕە پەروەردەییەکان لەسەر بڕگەکان، هاوکۆلکەی کوپەر بەکارهاتوە، کە بریتییە لە:

$$\text{ئاستی ڕەزامەندی} = \frac{\text{ژمارەی ڕەزامەندییەکان}}{\text{ژمارەی ڕەزامەندبون} + \text{ژمارەی ڕەزامەندنەبون}} \times ١٠٠$$

٣. ٤ . ٢ هاوکێشەی پەیوەستبونی پێرسۆن (Pearson):

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی بەهای پەیوەندی هەر بڕگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری لە ڕێگای ئێس پی ئێس (SPSS) بەکارهێنراوە

**بەشی چوارەم: ئەنجامی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی**

**4.1 ئەنجامی توییژینەوەکە:**

ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبوە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی پرۆژە دەرچون لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە بواری وێنەکێشاندا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی وەک لە فۆرمی ژمارەی (١) دەردەکەوێت.

فۆرمی ژمارەی (١)

پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی پرۆژەی دەرچون لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر

زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی پەروەردەی هونەر

ناوی خوێندکار:........................................................ ناوی بابەت: پرۆژە دەرچون

قۆناغی خوێندن: چوارەم جۆری جێبەجیکردنی پرۆژە.............................

| جۆری لێهاتویی | بڕگە | باڵایە | زۆرباشە | باشە | ناوەندە | لاوازە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ١- توانای خستەڕوی پرسیاری جیاوازی لە چوارچێوەی بیرۆکەی کارەهونەرییەکەدا.<br>٢- توانای دەستنیشانکردنی شێوازی کارکردنی جۆراوجۆر بۆ بەربەجەستکردنی بیرۆکەی کارەهونەرییەکە. | ڕەوانی (الطلاقة) :Fluency |
| | | | | | ٣- توانای گۆرانکاری لە ناوەڕۆکی بیرۆکەی کارەهونەرییەکە بۆ دۆخێکی تری جیاواز بە پێی جۆری کارکردن.<br>٤-چارەسەرکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پرۆژە کە بەپی ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی بۆتەوە. | نەرمی نواندن (المرونة) :Flexibility |
| | | | | | ٥-- ئاستی ڕەسەنایەتی پرۆژە هونەریەکە.<br>٦- بەکارهێنانی ستایڵی نوێی هونەری لە جێبەجێکردنی پرۆژە هونەریەکەدا | ڕەسەنایەتی (الاصالة) :Geniality |
| | | | | | ٧--تواناي دوبارە داڕشتنەوەی داڕشتنی پرۆژە هونەریەکەی بۆ چارەسەکردنی کەموکوڕیەکانی.<br>٨-- توانای دیاریکردني خاڵەلاوازەکای هەنگاوەکانی کارکردنی لە نێوان بیرۆکە و ناوەڕۆکی پرۆژە هونەریەکە. | هەستیاری بۆکێشەکان (الحساسية للمشكلات) ensitivity of :problems |

| جۆری لێهاتویی | برگە | بالآیە | زۆرباشە | باشە | ناوەندە | لاوازە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی دارشتنی پرۆژەکە (تقويم الانشائي للتكوين المشروع) | ٩ – ڕێکخستنی یەکەی شێوە (وحدة الشكل) لە کارەهونەریەکەدا.<br>١٠–- گرنگیدان بە هەمەرجۆری (التنويع) لە دارشتنی کارەهونەریەکەدا. | | | | | |
| | ١١– بەرجەستەکردنی لە بالآدەستی(السيادە) لە دارشتنی پرۆژە هونەریەکەدا.<br>١٢– گرنگیدان بەڕەگەزەی جوڵە (الحركة) لە پێکهاتەی دارشتنی کارەهونەریەکەدا. | | | | | |
| | ١٣– بەدیهێنانی هاوسەنگی (التوازن) لە پرۆژە هونەریەکەدا.<br>١٤– ڕەچاوکردنی وردەکاری ڕێژەی شێوەکان(مراعاة النسب) لە کارەهونەریەکەدا. | | | | | |
| هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی واتا (تقويم المضمون المعنى): | ١٥- بەهێزی توانای گوزارشتکردن لە کارە هونەریەکەدا.<br>١٦- گرنگیدان بە ئەندێشەکردن لە دەربڕینی کارەهونەریەکەدا. | | | | | |
| هەڵسەنگاندنی هێمایی (تقويم المضمون الرمزي) | ١٧–گرنگیدان بە دەربڕینی تێما شاراوەکانی پرۆژە هونەریەکە.<br>١٨–چی جۆرە هێماییەکی وەک (دەرونی، ئاینی، کۆمەڵاتی) لە دەربڕینی لە کارە هونەریەکەدا. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵسەنگاندن لە سەر ئاستی بەرهەمهێنان (تقويم على مستوای الانتاج): | ١٩- لە کار کردنی پڕۆژە هونەریەکە گرنگی بەهەمان کوالەتی کارکردن داوە.<br><br>٢٠- لە کاتی جێبەجێکردندا گرنگی بە تەکنیک و کەرەستەی نوێ داوە | | | | | |

## ٤.٢ شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە:

ئەم پێوەرە کە ئامادەکراوە بۆ بابەتی پرۆژەی دەرچون بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی خوێندکاران لە وێنەکێشاندا، هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ئاڕاستەکردنی بابەتیبون و پێوانەکردنی کارە هونەرییەکان، هەروەها بەپێ ئەو ئەنجامەی کە لە ڕێکاریەکانی ئاستی کاریگەریەکانی پەیوەندی دیاریکرا، دەرئەنجامی ئەو نمرانەی کە لیژنەی هەڵسەنگاندنی بە بەرهەمەکانی پڕۆژەی پەیکەری خوێندکارانیان بەخشیوە، لە ڕێگەی بەرهەمەکانی خوێندکارانەوە کە لە (٢٠) برگە پێکهاتەوە وەک لە فۆرمی ژمارەی (١) دەردەکەوێت، کە گرنگی بە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان جۆراوجۆرە وەک شیکردنەوە لە سەر ئاستی (شێوەی، هێمایی، لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان،...) ئەم پێوانەکارە سودی لە هەوێنی پێوەرەکانی زانایانی وەک (گێڵفۆرد) (تۆرانس) بنەما ڕەخنەیەکانی (هەوەرد ڕۆدستی) بۆ شیکردنەوەی بەرهەمەکان.

## ٤.٣ ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە کە بەدەستیهیناوە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکات:

٤.٣ . ١ ناوەڕۆکی ئەم پێوەرێک بکرێت بە بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکانی خوێندکاران لە بابەتی پرۆژەی دەرچوندا، تا داتای نمرەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی بێت.

٤.٣ . ٢ پێوەرێک بکرێت بە بنەمای هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکانی ڤیستڤاڵ و پێشەنگەکان کە بەمەستی دیاریکردنی ئاستی داهێنەرانی هونەرمەندان سازدەکرێت.

## ٤.٤ پێشنیارەکان:

توێژەر ئەم پێشنیارانەی دەکات:

٤.٤. ١ ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەلای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەم لەبابەتی پرۆژەی دەرچوندا.

٤.٤. ٢ ئامادەكردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی كارە هونەرییەكان لە بابەتی سیرامیک لە لەلای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە قۆناغی چوارەمدا.

# A Criterion for assessing Creative Thinking Skills in graduate projects among art education students

**Dara Aurahman[1] - Jawad N. Hussein[2]**

[1+2]Department of Art Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region of Iraq.

**Abstract:**

This research aims to prepare a criterion to assess the creative thinking skills of the students of Art Education Department- Stage four in the subject of Project- field of drawing at the College of Basic Education in Sulaimani University, aiming at being beneficial to the lecturers and evaluation committees of students' products in the field of drawing.

Based on the type and nature of the research, a descriptive method is applied. Since no general or specific criterion does exist in the evaluation of the projects, thus the researcher resorted to the general and specific objectives of Project subject. From this perspective, a criterion in a form of creative skills and general principles of drafting and criticism is established.

Moreover, identification of creative skills from previous studies and resources in the field of art education, psychology of creativity, and art is set, including preparing (29) educational objectives which were primarily handed out through surveys to the experts in the field of education, Art, and measurement and evaluation, following receiving the opinions and suggestions addressed by the experts, changes were made in (9) of the objectives, (20) objectives were pointed to the criterion. In order to stabilize the criterion, it was applied to the initial samples of the same project in Art Education Department.The correlation value between the levels was also found by the Person correlation coefficient with a value between (0.20-0.50)

**Keywords:** Criterion, Assessing, Creative Thinking, Skill, project, Art education.

## سەرچاوەکان

بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠) ئینسایکلۆپیدیای زانستە دەروونییەکان، چاپخانەی خانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

شەریف قەرەچەتانی، کەریم (٢٠١٨) سایکۆلۆژیای داهێنان، لە بڵاوکراوەکانی منداڵانی ژوان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

ابراهيم، عيد (٢٠٠٠): علم النفس الاجتماعي، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة.

ابراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٥) التفكير من منظور تربوي، عالم الكتب للنشر والطباعة و التوزيع، القاهرة.

احمد، سعادة، جودت (٢٠٠٣): تدريس مهارات التفكير مع مئات الامثلة التطبيقية، ط١، دارالشروق للنشر و التوزيع.

انس، أبراهيم، و أخرون (١٩٧٢) المعجم والوسيط، مجمع اللغة العربية، ج (٢/١) المكتبة الأسلامية للطباعة والنشر والتوزيع

ابو نصر،مدحت (٢٠١٢) التفكير الابتكارى و الابداعى طريقك الى التميز والنجاح، المجموعه العربيه وللنشر القاهرة

بدوي، احمد زكي (١٩٨٠) معجم مصطلحات التربية و التعليم، دار الفكر العربي، القاهرة.

البيرماني، الدكتور تركي (٢٠٠٢) التدريس....فلسفته....اهدافه....تقنياته، جامعة بابل، دار الصادق للطباعة، الحلة

البيسوني، محمود (١٩٩٢) مصطلحات التربية الفنية، عربي انجليزي، ط١، دار المعارف، القاهرة.

البياتي، عبدالجبار توفيق، اثناسيوس، زكريا زكي (١٩٧٧) الاحصاء الوصفي و الاستدلالي في التربية وعلم النفس، حقوق الطبع محفوظة للجامعة المستنصرية، العراق.

ثورندايك، ترجمة عدس عبدالرحمن، عبداللة (١٩٨٩): القياس و التقويم التربوي في علم النفس و التربية، عمان.

حسين، جواد نعمت (٢٠٠٥) اعداد أداة القياس لمفردات مادة المشروع المقررة على طلبة الصف الرابع في كلية الفنون بجامعة السليمانية.

جروان، فتحي عبدالرحمن (١٩٩٩) تعليم التفكير و تطبيقات، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية

راجح، احمد عزت (١٩٦٣) اصول علم النفس، عالم الكتاب، القاهرة.

رياض، عبدالفتاح (١٩٧٤) التكوين فى الفنون التشكيليه، دار النهضه العربيه، القاهرة.

ريان، فكري حسن (١٩٧١) التدريس، أهدافه، أسسه،أساليب تقويم نتائجه و تطبيقاته، ط٣،عالم الكتب، الكويت

زهران،حامد، عبدالسلام (١٩٨٥) علم النفس النمو، ط٥، عالم الكتاب، القاهرة.

زهير صاحب، نجم عبد حيدر، بلاسم محمد (٢٠٠٦) دراسات في الفن و الجمال،دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.

الزوبعي، عبد الجليل ومحمد احمد غانم (١٩٨١) مناهج البحث في التربية، ط١، مطبعة العاني، بغداد.

الزويني، ابتسام، صاحب (٢٠٠٤) القياس والتقويم، كلية التربية، جامعة بابل، بابل.

السليتي، فراس محمود (٢٠٠٦) التفكير الناقد و الابداعي و استراتيجية التعليم التعاوني، جدارللكتاب العالمي

الشافعي، إبراهيم محمد (١٩٨٧) المرجع في علوم التربية، منشورات جامعة قار يونس، الجماهيرية الليبية.

الطلاق، هشام سعيد (٢٠١٠) التفكير الابداعي مهارات تستحق التعلم،منشوروت الهيئه الْعامه السوريه للكتاب

عكاشه، احمد (٢٠٠١): افاق فى الابداع الفني ورؤيه النفسيه ك، دار الشروق القاهرة.

Stephen Klein, other (1966) MEASURING ARTISTIC CREATIVITY AND FLEXIBILITY , Educational Testing Service Princeton, New Jersey.
G Clark, E Zimmerman (2004 (Teaching Talented Art Students: Principles and Practices [BOOK] Teaching talented art students: Principles and practices
James M. Bradfield (١٩٥٧) Measurement and Evaluation in Education, by and H. Stewart Moredock. The MacMillan Company, New York.
Miroslav Huzjak and Marijana Županić Benić(1981): Measuring Creativity in Visual Arts Teaching Methodology in Elementary School. Faculty of Teacher Education, University of Zagreb.
PREPARATION | meaning in the Cambridge English Dictionary
https://dictionary.cambridge.org › dictionary › preparat.

## پاشکۆکان:

پاشکۆی ژمارە (١)

ناوی پسپۆڕ و شارەزایان لە بواری هونەر و پەروەردەییدا بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و پێداچونەوە ی پێوەرەکە

| ژ | ناوي پسپۆڕ | جۆری پسپۆری | نازناوی زانستی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. عەلی عبدالرحمن جمعە | ڕێگای وانەوتنەوەی کیمیا | پرۆفسۆر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەت |
| ٢ | د. عادل حسین قادر | ڕێگای وانەوتنەوەی زمانی کوردی | پرۆفسۆر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێژی پەروەردەیی بنەڕەت |
| ٣ | د. سابیر بکر مستەفا | دەروونزانی پەروەدەیی | پرۆفسۆر | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٤ | د. عبدول سەمەد احمد | دەروونزانی پەروەدەیی | ی. پرۆفسۆر | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٥ | د. جەزا بەکر محمود | هونەری شێوەکاری / وێنەکێشان | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی هونەر |
| ٦ | د.ئاوات سەعید فەتاح | هونەری شێوەکاری / وێنەکێشان | مامۆستا | زانکۆی سلێماني/ کۆلێژی هونەر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | د. قادر حسين سالّح | دەروونزانی پەروەدەیی | مامۆستا | پەیمانگەی هونەرە جوانەکان / سلێمانی |
| ٨ | م. وفا محمد حسين | پەروەردەی هونەری | ی. پرۆفسۆر | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| ٩ | م.وەهبی ڕەسوڵ احمد | هونەری شێوەکاری / وێنەکێشان | ی. پرۆفسۆر | پەیمانگەی هونەرە جوانەکان / سلێمانی |
| ١٠ | م. کامەران محمود احمد | هونەری شێوەکاری / پەیکەر | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١١ | م. ڕێگر محمد سليم | ڕێگای وانەوتنەوەی زمانی کوردی | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٢ | م. کاروان ڕەشيد حسن | هونەری شێوەکاری / پەیکەر | مامۆستا | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی هونەر |

پاشکۆی ژمارە (٢)

(ڕاپرسی داخراو) بەمەبەستی بەدەستهێانی ئامانجە ڕەفتاریەکانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خوێندکاران لە بابەتی پرۆژەدا

وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی پەروەردەی هونەر

(ڕاپرسی داخراو)

مامۆستای بەڕێز.........................................................................................

سڵاوی زانست:

توێژەر توێژینەوەیەک ئەنجام دەدات بەناونیشـــانی: (پێوەرێک بۆ هەڵســـەنگاندنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی پرۆژە لای خوێندکارانی بەشـــی پەروەردەی هونەر لە بواری وێنەکێشـــاندا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی)، وەک یەکێک لە پێداویستیەکانی لە بواری وێنەکێشاندا، بۆ ئەم مەبەستە توێژەرئامانجەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی ئامادەی کردوە، بەگرنگی دەزانێت ڕاو بۆچونی بەڕێزتان وەربگرێت، وەک پسپۆڕ و شارەزایەک لەڕوی زانستی

و دارشـــتنی زمانەوانیی و هونەرییەوە لە رێگەی وەڵامدانەوەی تەوەرەکانی ڕاپرســـیەکەوە بۆجون و تێبینیەکانتان، جێگەی ڕێز و سوپاسە

تێبینی: تکایە ئەم زانیاریانە پڕبکەرەوە:

سەرپەرشتیار توێژەر

جەواد نعمەت حسەین (دارا ئەورەحمان ئەحمەد)

ناوی مامۆستا:

بروانامە:

نازناوی زانستی:

پسپۆری:

ئامانجە ڕەفتاریەکانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە:

١- ڕەوانی (الطلاقة) Fluency :

پێویستە خوێندکار:

٭ چەند بیرۆکەیەکی نوێی هونەری بە باشی بخاتەڕو.

٭ بیرۆکەیەکی نوێی هونەری پەیوەندیدار بۆ هەمان هەڵوێستی چارەسەرکردن بەوردی ڕونبکاتەوە.

٭ توانای خستنەڕوی پرسیاری جیاوازی لە چوارچێوەی بیرۆکەی کارەهونەرییەکەدا بەباشی هەبێت.

٭ توانای فراوانکردنی بیرۆکەی کارەهونەرییەکە بە چارەسەکردنی شێوازی نوێی کارکردنی بە چاکی هەبێت

٭ توانای پێشکەشکردنی وەڵامدانەوەی هەمەجۆری چارەسەری بیرۆکە هونەریەکە بەوردی هەبێت

٭ گرنگی بە توانای پێشکەشکردنی بیرۆکەی جیاواز لە سەر هەمان بیرۆکە هونەریەکە بەوردی بکات.

٢- نەرمی نواندن(المرونة)Flexibility :

.٭ گۆڕانکاری لە دۆخی زهنی بیرۆکە بۆ دۆخیێکی جیاواز بە پێی جۆری کارکردنەکە بەباشی هەبێت

.٭ شێوازی کارکردنی پڕۆژە هونەریەکە لە ستایلێکەوە بۆ جۆرێکی تر بەباشی بکات

.٭ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە هونەریەکە بەپی ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی دەبێتەوە بە وردی چارەسەربکات

٣- ڕەسەنایەتی (الاصالة)Geniality :

.٭ گرنگی بە بەرهەمهێنانی پڕۆژە یەکی هونەری هەبێت کە هاوشێوەی نەبێت

٭ تواناي خوڵقاندنی ستایلێکی هونەری هەبێت کە لاسایی و دوبارە نەبێت.

.٭ تەکنیکی هونەری نوێ بەکاربهێنێت کە لە خزمەت چارەسەری بیرۆکە هونەریەک بەباشی بێت

٭ باس لە کێشەیەک بکات کە هونەرمەندانی پێش خۆی گوزارشتیان لێ نەکردبێت.

٤- هەستیاری بۆکێشەکان (الحساسیة للمشکلات)Sensitivity :

٭ بەوردی هەست بە زۆرترین کێشەی پڕۆژە هونەریەکە بکات.

٭ تواناي دوبارە دارشتنەوەی کەموکوڕی دارشتنی پڕۆژە هونەریەکەی بەباشی هەبێت.

* توانای دیاریکردني خاڵەلاوازەکای هەنگاوەکانی کارکردنی لە نێوان بیرۆکە و ناوەڕۆکی پڕۆژە هونەریەکەی بەوردی بکات.

٥- هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی شێوەیی (تقويم المضمون الشكلي)

ا ــ پێکهاتەی شێوەیی (التكوين الشكلي):

* یەکەی شێوە (وحدة الشكل) Graphie unity لە کارەهونەریەکەدا بە ورد ی ڕێکبخات

* هەمەرجۆری (التنويع) Variety لە بەشەکانی کارەهونەریەکە بە باشی جێبەجێبکات

* لە پێکهاتەی داڕشتنەکەدا گرنگی بەڕەگەزی باڵادەستی (السياده) Dominance بدات.

* توانای دیاریکردنی جوڵە (الحركة) Dynamic لە کارەهونەریەکەدا بەباشی ڕێکی بخات.

* لە داڕشتنی لە کارەهونەریەکەدا ڕەچاوی ڕێژەی (مراعاة النسب) کەسەکان بە وردی بکات.

* هاوسەنگی (التوازن) Balance لە نێوان قەبارەو بۆشای بە باشی جێبەجێبکات

٦- هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی واتا (تقويم المضمون المعنى)

*توانای گوزارشتکردنی کارەکەی بەباشی هەبێت

* لە دەربڕینی کارەهونەریەکەدا بەوردی گرنگی بە ئەندێشەکردن بدات.

٧- هەڵسەنگاندنی هێمایی (تقويم المضمون الرمزي):

* گرنگی بە دەربڕینی تێما شاراوەکانی پڕۆژە هونەریەکە بە وردی بکات.

٨- هەڵسەنگاندن لە سەر ئاستی بەرهەمهێنان (تقويم على مستوا الانتاج):

* لە کار کردنی پڕۆژە هونەریەکە گرنگی بەهەمان کوالەتی جێبەجێکردن بدات.

* توانای دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان شێوە و ناوەڕۆکی بە وردی هەبێت

* لە کاتی جێبەجێکردندا گرنگی بە تەکنیک و کەرەستەی نوێ بەباشی بدات

* لەکاتی نمایشکردنی پڕۆژە هونەریەکەدا ڕەچاوی شوێنی دانانی بەباشی بکات.